# دەوڵەت–نەتەوە و پێکهێنانی زۆرینە و کەمینەکان

**بەرزوو ئەلیاسی**
**و: پێشەوا خالیدی**

”
سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ.ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.
“

بەرزوو ئەلیاسی پرۆفیسۆری هاوکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخەری پرۆگرامی ماستەری کاری کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی لینییس (Linnaeus University) لە سوید. ئەو ساڵی ١٩٧٨ لە گوندێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو و ١٣ ساڵ لە ژیانی وەک پەنابەر لە کەمپی پەنابەرانی ڕومادیی عێراق ژیا. بەرزوو ئەلیاسی لە زانکۆکانی لۆند و ئاکسفۆرد وانەبێژ و لێکۆڵەر بووە. ئەو بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بوارەکانی کەمینەکان، فرەکەلتووری، و توێژینەوەکانی هاووڵاتیبوون، لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوە. دکتور بەرزوو ئەلیاسی ئێستا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە لە سەر بێ دەوڵەتیی کورد و فەلەستینییەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو لە لایەن زانکۆی لۆندەوە وەک یەکێک لە دوو ئاکادیمیسییەنی گەنج لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٥ ناوی بردرا. پێشنیاری کورسیی پڕ پرەستیژیی توێژینەوەی کەنەدا لە زانکۆی یۆرک بە دکتور بەرزوو ئەلیاسی کراوە.

دەوڵەت-نەتەوە ڕۆڵی خاڵی گەڕانەوەی سەرەکی دەگێڕێ بۆ ڕێگاگەلێک کە خەڵک شوناسی خۆیان و جیهانی پێ دەرک دەکەن (بۆ وێنە Gellner 1983، Hobsbawm 1990؛ Anderson 1991). زیاتر لە ١٩٠ دەوڵەت-نەتەوە لە سەرانسەری جیهاندا هەن. گشتیان داوای خاوەندارێتی و دەسەڵاتداری لە سەر جوغرافیایەک و خەڵکێکی دیاریکراو دەکەن، هێندێک پێکهاتەی ئەو دەوڵەت-نەتەوانە، وەکوو شارۆمەند دیاریکراو و ڕێزلێگیراون و ئەوانی تر سەرەڕای ئەوەی کە دانیشتوی هەمان دەوڵەت-نەتەوەن، وەکوو شارۆمەندی پلەنزمتر یا گرووپگەلێکی جیاواز سەیر دەکرێن و هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکرێ. (چاو بکە لە Pandey 2006، Yeğen 2009). سەرەڕای ڕیتۆریکی شەراکەتی ااوپلە کە ناسیۆنالیزم بەڵێنی دەدا (Anderson 1991)، نایەکسانیی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕێی ڕیزبەندی شارۆمەندییە پلەجیاوازەکان لە سەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانیدا بە ڕەسمی دانپێدانراوە. لەو باسەدا، میللەتانی بێ دەوڵەت لە نێو وڵاتانی گلۆباڵ ساوس (وڵاتانی باشووری) لە نزمترین ئاستی پلەبەندیی (سلسلە مراتبی) نێونەتەوەییی شارۆمەندەکان و شوناسەکاندان. بۆ وێنە، ئەوە لە ڕووی ئەخلاقی سیاسیەوە هەڵخەڵەتاندنە کە بێ مافی و لاوازبوونی لەرادەبەدەری خەڵکی ڕۆهێنگیا، هەر لە ئاستی کاتالانەکان لە ئیسپانیا دابندرێ. بە بێ ڕەچاوکردنی دیمۆکراتیک یا دیکتاتۆرییەت بوونی ستراکچێری سیاسیی وڵاتانێک کە ئەو دوو نەتەوەیە تێیدا دەژین، هەردوو نەتەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لێ زەوت کراوە و بەرەورووی سەرکوت و ستەم لە ئاستی جیاوازدا بوونەتەوە. لە کەیسی ڕۆهینگا، حکوومەتی میانمار بەگشتی خەڵکی ڕۆهینگا وەکوو بیانیانی موسوڵمان چاو لێ دەکا و هەر بەو هۆیەوە تەواوی مافە سەرتاییەکانیان لێ زەوت کراوە. (Kingston 2015). سەبارەت بە کاتالانەکان، حکوومەتی سپانیا پشتگریی ئیدەی شوناسی یەکگرتووی سپانی دەکا لە گشت ناوچەکان و کاتالانەکان لە باشترین حاڵەتدا وەکوو کەمینەیەک سەیردەکرێن و نەوەک میللەتێکی جیاوازی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس.

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان کە دەوڵەتان داواکاریی کەمینەکان بۆ ناسران وەکوو میللەتێکی جیاواز و دیار ڕەت دەکەنەوە، لە سەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەیە کە بانگەشەی میللەت بوون و بەرەسمی ناسران وەک یەک میللەت، ڕەوایەتییەکی زیاتر دەبەخشێ بە داخوازیی

بەدەوڵەتبوون و دووربوونەوەی سیاسی لە دەوڵەتی مەوجـــوود. دەوڵەتانێکی زۆر لە چواردەورەی جیهـــان بەگومانن لە پێدانی ستاتوســـی ڕەسمیی دەستوریی کەمینە بە گرووپگەلێک کە لـــە ڕوی ژمارەوە کەمتر و لـــە ڕووی ئێتنۆکەلتوورییـــەوە جیاوازن؛ چونکە ئـــەو دەوڵەتانە دەترســـن کە وەها ستاتوســـێک بناغەدارێژەری خواســـت بۆ دووربوونـــەوە و جودابوونەوەخـــوازی و لێکهەڵوەشـــانەوە (تەجزیە) بێ. یەک ڕێگا بـــۆ دەوڵەت بـــۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی ئەو میللەتانە کە یا بەدوای مسۆگەرکردنی مافی تەواوی شـــارۆمەندیی یەکسانن یا ئارەزوو و خواســـتی وەدەســـتهێنانی فۆرمێک لە خۆبەڕێوەبەری وەکوو ئوتۆنۆمی، فێدێرالیزم یا سەبەرخۆیی دەکەن، ئەوەیە کە لە بنەما ڕا نکۆڵـــی لە بوونی ئـــەو میللەتە بکا و بە زۆرەملی بیانهێنێتە ژێرچەتری یەکســـانی خۆی لە ڕێـــگای قەدەغە کردنی هەبوونی (وجـــودی) کەلتووری و ســـەمبۆلیکی ئەو نەتەوەیە یا پێدانی پێگەیەکی (پۆزیشنێکی) دەســـتووریی بچووک و بەکەمینەکراو کە لەو پێگەیە ڕا نەتوانێ داخوازیی سەروەری لە سەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بکەن و لەبەرانبەردا دەورەدرابێ بە ستراکچێری کەلتووری و سیاسیی نەتەوەی زاڵی خاوەن ســـەروەری. ســـەرەکیترین بەکارهێنانـــی دەســـتەواژەی بێ دەوڵەت یـــان نەتەوەی بێدەوڵەت بـــەو مانایەیە کە ئەوان خاوەنی دەوڵەتێـــک نیـــن بتوانـــێ نوێنەرایەتیی شـــوناس و زمـــان و ئایینی ئـــەوان بکا و بتوانێ پارێزگارییەکی کاریگەر لە مافەکان و ئاسایشـــی ئەوان بکا. ئەو دەســـتەواژانە هەروەها نیشاندەری نۆرماتیڤیتی سیاسیی ئەو دەوڵەتـــەن لە جیهاندا (نیشـــاندەری ئاســـتی گونجاوبوونی ئەو دەوڵەتەن لەگەڵ نۆرمە سیاســـییەکان لە جیهانـــدا) وەکوو قاڵبێکی ســـتاندارد بۆ ڕێکخســـتنی ژیانی مرۆڤ (چاو بکە لە Chouinard 2016).

پێوەندییەکـــی بەهێز هەیـــە لە نێوان ئـــەوەی کە چـــۆن نەتەوە-دەوڵەت زۆرینە و کەمینـــەکان شـــکڵ دەدا و چـــۆن لـــە پلەبەندیی (سلســـلە مراتب) ئێتنۆ-ئایینی یا ئێتنۆ-میلليی ئەو نەتەوەیەدا، ســـتاتوس و بەهاگەلێک دەبەخشێتە ئەوان. ئەندامی گرووپی ئاســـت نزمتر لە ڕووی ژمارە یان ئەندامی گرووپی ژێردەسەڵات بوون، زۆربەی جار پێناسەی ستانداردی کەمینەیەک پێک دێنـــێ (Castellino & Cavanaugh 2013). بە هۆی خـــراپ بەکارهێنانی هێز لە لایان زۆرینەکانەوە، کەمینەکان زۆربەی کات لە ڕووی کەلتوورییەوە بـــە بێگانە دادەندرێن و بەرەورووی نوقســـانی یاسایی، سیاسی، ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی دەبنەوە (White 2012). ئەگەرچی زۆربـــەی کات گرووپی زۆرینە لە ڕووی ژمارە، حکوومەت کۆنترۆڵ دەکات و شوناس و کەلتوور و ئایینی خۆی وەکوو شوناسی ڕەســـمیی حکوومەت زاڵ دەکات، بـــەڵام کەیســـگەلێکیش هەن کە گرووپی کەمینە وەکوو گرووپی زاڵ خۆی سەپاندوە: عەرەبی سوننی لە عێراق بەر لە ٢٠٠٣، عەلەوییەکان لە ســـووریە، عەرەبی ســـوننی لە بەحرەین، و دانیشتوانی سپێ پێســـت لە ئافریقای باشور. بە پێچەوانەی شـــوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـت، عەلەوی لە ســـوریە و عەرەبی ســـوننی لە بەحرەین، لـــە ڕووی ژمـــارەوە کەمینەن. هـــاوکات ئۆرگانە سیاســـی و ئەمنیەتییە ناوەندی و سەرەکییەکان کۆنترۆڵ دەکەن. هەروەها ئـــەوان سیاســـەتەکان دادەڕێژن و گرووپـــی خۆیان، خـــاوەن بەرژەوەندیی تایبەت دەکەن و بەربەســـت بـــۆ گرووپە زۆرینەکان (لە ڕووی ژمارەوە) دادەنێن لە گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. یەکێک لە ســـتراتێژییە دیسکۆرسیڤە سەرەکییەکانی ئەو دو گرووپە کەمینە دەســـەڵاتدارە، لەو

بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە گرووپی زۆرینە لە ئەگەری گەیشتن بە دەسەڵات، دەبنە هەڕەشەی لەناوبردنی بوونی حکوومەت و کەمینەکان. زۆرینەی بێبەش کراوەکانی بەحرەین و سووریە، هەروەها تۆمەتبار دەکرێن بە تیرەگەریی پشتبەستوو بە وڵاتانی دەرەکی. هەر لەسەر ئەو بابەتە، باس لەوە دەکات کە زۆرینە یا کەمینەبوون نابێ وەکوو بوونێکی سروشتی یان بە شێوەیەکی سەرەکی، وەکوو ڕادەیەکی ئەژماری (دەستەواژەیەکی ئاماری) سەیر بکرێ. بۆ وێنە، هاوکات کە ئۆرووپاییەکان لە ڕووی ژمارەوە کەمینە بوون لە جیهاندا، وایان دانابوو کە مێژوویەکەیان زۆربەی ئێلێمانەکانی ئەو نۆرمانەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤی ئارەزوو و داخوازی دەکات، لەخۆدەگرێت؛ لە بەرانبەردا، ئەوانی ترهێشتا وەکوو «بچکۆلەتر»گەلێکن کە «گەورە»کانی جیهان دەبێ بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆ بگرن. ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە چۆن پەیوەندیی هێز، فاکتەری سەرەکیی ناوەندییە لە بنیاتنانی زۆرینەکان لە ڕێگای نزم پلەکردن و بە پەراوێزخستنی پێکهاتەگەلێکی تایبەت وەکوو کەمینە لە مێژووی نەتەوە نازناودارەکان.Alcoff و Mohanty (٢٠٠٦) پێداگری دەکەن لە گرینگتربوونی باری هێز لە بەراوەرد لەگەڵ بابەتی ژمارە، بەهۆی ئەوەیە هێز بەیەکسانی دابەش نەبووە لە نێوان گرووپگەلی زاڵ و بەکەمینەکراودا. بەو پێیە ئەوان لە ئاوەز و ڕوانینی مەفهوومی و سیاسی و دامەزراوەییەوە بۆ واتای کەمینە دەڕوانن. لە باری مەفهوومی، کەمینە هەڵگری پێگەیەکی ناهەژموونیک و نازاڵە کە «دەبێ پێناسە و شەرح بکرێ تا ئەوەیکە دانی پێدابنرێت (فەرز بکرێ)، یا ئەو شوناسەی کە بۆخۆی بە سروشتی بوونی نییە بەڵکوو دەبێ بوونی هەڵسەنگێندرێ و تاقی بکرێتەوە و بسەلمێندرێ. لە ڕووی سیاسییەوە، کەمینە دەرخەری کێشمەکێشێکە؛ پێگەیەک کە لە ژێر ڕکابەری و ململانێدایە یان بە کردەوەیی شەری پێ فرۆشراوە، کە بێبەشە لە پێگە و ستاتوس، هێز، یان ڕێزی یەکسانە. لە ڕووی دامەزراوەییەوە، خوێندنەوە لە سەر کەمینە بە پێی بەپێویستبوونی ئەوشتانەی کە لە جەریانی سەرەکی و ناوەندیی دیسیپلینەکاندا (ڕشتەکاندا) نەبووە، پێکهاتووە» (Alcoff & Mohanty 2006،). بەڵام من پێم وایە باسی ژمارە، لە کانتێکستی پەیوەندییەکانی زۆرینە و کەمینەدا گرینگە. یەکێک لە ترسە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ڕێژەی زۆری مندالبوونی فەلەستینییەکانە کە دەتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ژمارەیان لە جوولەکەکانی ئیسرائیل زیاتر بکات. هەروەها ترسی هاوشێوە بینراوە لە تورکیە سەبارەت بە ژمارەی کوردان و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە سپی پێستەکان کە ئاستی زۆرتربوونی ژمارەیان لەدەست دەدەن.

سەبارەت بە ئیمپراتۆریی عوسمانی، ئەو کەسانە میللەتێک یا کۆمەڵگایەک بوون کە بۆ پیکهینان و پێشاندانی هێمای جۆراوجۆر و دانپێدانەری- کۆمەڵایەتیی گشتگیر بەکاردەهێندران. مەسیحییەکان و جوولەکەکان وەکوو کۆمەڵگاگەلێکی ناموسڵمان، ئەوانیش هەر وەکوو میللەت دەناسران. ئیمپراتوریی عوسمانی زۆرجار وەکوو دانەری ڕەسەنی چاوپۆشی (تۆلێرانس/لێبردوویی) و هەمەجۆری لە ژێر سێبەری جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییەکان ناسراوە و ڕێزلێگیراوە(Mazower 2004) . هاوکات، ئەوە بەو مانایە نییە کە جوولەکەکان، مەسیحییەکان یا موسڵمانە شیعەکان، بەرابەری تەواویان لە ئاستی هەیئەتی

دەســـەڵاتداری جەماعەتـــی ســـوننەکان هەبوونێـــت (Castellino & Cavanaug 2013) . تاس (٢٠١٤) باسی ئەوە دەکات کە میللەت-سیستەمی عوسمانی، پشتگیریی بەفەرمی ناســـینی جوگرافـــی و غەیری-جوگرافـــی و هەروەهـــا ئۆتۆنۆمیی گرووپە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دەکرد و بەو شـــێوەیە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەوڵەت-نەتەوەکانـــی هاوچەرخ کە لەگەڵ کێشە و بەرەنگارییە سیاسییەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییـــەکان ڕووبەڕوو بوونەوە. بـــە پێچەوانەی سیاســـەتە توندوتیژەکانی ناســـیۆنالیزمی تورکیی مۆدێرن لە ئاستی کوردەکان، میللەت-سیستەمی عوسمانی لە سەدەی شازدە بەملاوە جەویکی سیاسی و کەلتوریی بۆ کوردەکان ڕیکخست تا بتوانن سەربەخۆ بن و خۆیان ئیدارەی ناوچەکانی خۆیـــان بکەن. ئیمپراتۆریی عوســـمانی بۆ پاراســـتنی ســـنورەکانی خۆی کەڵکی لە کـــوردەکان وەردەگـــرت و کوردەکانیـــش ئەرکی ماڵیات دان و ناردنی سەربازیان بۆ سوڵتان لەسەرشـــان بوو.( Arkon 2014 و Nimni 2015)

لە هەمان حاڵدا، کاتێک ناسیۆنالیزمی تورکی شێوازی هەمەڕەنگی و جۆراوجۆریی میللەت-سیســـتەمی لەبەیـــن بـــرد و بە ناسنامەی سەرەکیی تورکیا پلەبەندی کرا و تورکی بوونی لە سەرەتای پۆلێنکردنەکە دانا، شـــتەکان بە شـــێوازێکی زۆر بەرچاو گۆڕانیـــان بەســـەرداهات (Tas 2014) . ئەگەرچـــی کیملیکا و فۆســـتڵ (٢٠١٤) پێداگری لەسەر ڕۆڵی بەرچاو و بنیاتنەری میللەت-سیســـتەم لـــە دانپێدان بەســـەر لێبوردەیی و پێکەوەژیان دەکەن، هاوکات دەشڵێن کە موسڵمانانی سوننە بە خاوەنی دەوڵەتی عوســـمانی ناســـراون. گونجاندنی موسڵمانانی غەیری سوننە بەپێی پەیرەوی کـــردن لە دەوڵەت بوو، چـــون لێرەدا ئەوە

موســـڵمانانی ســـوننە بوون کە پشتیوانی و لێبوردەییـــی خۆیان لە ئاســـت کۆمەڵە غەیری موسڵمانەکان پەرەپێدەدا، کە ئەوە خۆی نیشاندەری پەیوەندییە نابەرابەرەکانی دەسەڵات لە نێوان کەسانێک کە لێبوردەیی دەکـــەن و کەســـانێک کـــە تەحەموول دەکرێندایـــە. بە هەمان شـــێوە، میللەت-سیســـتەمیش دان بـــە گونجاندندا دەنێ، بەڵام ساز بوونی وەزعی کۆمەڵی دووەم بۆ کۆمەڵەکانی کە لە ئاســـتی سەرەکیدا نین، جەخت دەکاتـــەوە. کاتێـــک ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٢ بە فەرمی کۆتایی پێ هات، و دەســـەڵاتە ئیستیعمارییەکانی بەریتانیا و فەرەنســـا، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینیـــان گرتـــە ژێر دەســـەڵاتی خۆیان، چەمکـــی زۆرینە و کەمینە لـــە ڕوانگە ی نەتەوەییدا لە ئاشـــکرا کردنی چوونە ناو و سەر بە دەوڵەت-میللەتە تازە ساز کراوەکان لە ناوچەکەدا زۆرتر ڕەنگی گرت.

کەمینـــەکان پێویســـتە لـــە بـــواری پەیوەندییـــەکان ســـەرنجیان بدرێتـــێ، لەبـــەر ئەوەی کـــە لە پەیوەنـــدی لەگەڵ دەوڵـــەت و نەتەوەیەکدا ســـاز دەکرێن کە یەکگرتوویی سیاسی، کەلتووری و ئابوری و ئیداریـــی دەوڵەتێک لە کۆنترۆڵ دەگرن (چاو لـــە Nimni 2015 بکەن). لە کاتێکدا کـــە ئەوە کەمینەکانن کە لە دیسکۆرســـە سیاســـی و ئاکادیمییەکاندا دەبن بە هۆی دروست بوونی کێشە و زۆرینە بە کۆمەڵی بێ کێشـــە دەناســـرێت (White 2012)، بۆ هەر پرۆژەی سیاســـیی ئازادیبەخشـــی و سەرتاسەری، دروست کردنی ناسەقامگیری لـــە پۆلێن کـــردن و نەزم دانی سیاســـیی گرووپەکانـــی کـــە خۆیـــان بـــە زۆرینـــە دەناســـێنن، کارێکی حەیاتی و سەرەکییە. هـــەر وەکـــوو ناســـیۆنالیزمەکانی کۆمەڵە دەسەڵاتدار و کۆمەڵە بێدەسەڵاتەکان، زۆر کات شـــێوازەکانی زۆرداریی ناســـیۆنالیزم

بەســـەر کەمینـــە نەتەوەییـــەکان کە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەرەنگار بوونـــەوەی دەوڵەت-میللەتـــەکان شـــەڕ دەکەن، دەبیندرێت. ناسیۆنالیزمی کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکان زۆر کات ئینکار دەکرێت و بە هۆی ئەوەی کە توانیویەتی لە ئاستی سیاســـیدا خۆی بـــە ئاســـایی و نەبیندراو دەرخات، لە بواری دروست کردنی مەسەلە و پێراگەیشـــتنی یاســـایی خۆیـــان دەرباز دەکەن.
(Billig 1995، p179) وایـــت (٢٠١٢) لـــە کتێبی خۆیدا، بە نێـــوی «دەرکەوتنی کەمینـــەکان لە ڕۆژهەڵاتـــی ناویندا» باس لەوە دەکات کە بە مەبەســـتی ناســـین و فامی دەرکەوتنـــی پۆلێنکردنی زۆرینەکان و کەمینـــەکان و چەمەکـــی سیاســـی - کۆمەڵایەتـــی، کـــە لەوانـــدا بۆ شـــێوازی تێفکرینـــی خەڵـــک لەبـــارەی خۆیان یا کەســـانی تر لە چاوی زۆرینە و کەمینەدا واتایان بـــۆ پێکهاتووە، دەبـــێ بگەڕێینەوە سەر ساز بوونی دەوڵەت-میللەت. دەوڵەت-میللـــەت چوارچێوەیـــەک بـــۆ نەتەوەیی بوونی وڵات و داوای دەســـەڵاتی دەوڵەت لـــە سەرانســـەری هەرێمـــی «نەتەوەیی» بـــەدی دێنێت. لەو کاتەی ڕا کە دەوڵەت-میللەت بە نێو بەردەستەیەکی ئاراستەکراو بناســـرێت، ئەو وڵاتە دەست دەکا بە پەرە پێـــدان بـــە دەســـەڵاتی خۆی لە گشـــت ناوچەکەی کە مەبەســـتیەتی و هەوڵ دەدا تا کۆمەڵە جیاوازەکان لە ژێر یەک دەزگای هاوبەش وەکوو سیستەمی فێرکاری، میدیا و ئەرتـــەش کـــۆ بکاتەوە. لـــە دەرونی ئەو پێکهاتانـــەدا، کۆمەڵانێکـــی تایبەت دەبنە کەمینە، لە کاتێکـــدا کۆمەڵێکی تر بە نێو ئەندامی کۆمەڵی کەلتووری دەســـەڵاتدار دەناســـرێن (White 2012). لـــە کاتێکـــدا سیستەمی دەوڵەت-میللەتی نێونەتەوەیی، دەتوانێ وڵاتێک و سنووره نیشتیمانییەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی بناسێ، دەوڵەت بۆخۆی ئـــەو خاڵە نادات بەو سیســـتەمە کە لە ناو وڵاتەکەیدا لە لایـــەن خەڵکێک کە تابعی ئەو یاســـایەن، بە فەرمی بناسرێن. زۆریک لـــە دەوڵەتەکان لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناویندا، لەو ڕاســـتییە ڕەنج دەکێشن کە متمانەی سیاســـیی دواییەی کۆمەڵـــە جیاوازەکان بەســـتراو بە دەوڵەتەوە نییـــە. ئەوە بە ڕەزا بوون نییە، بەڵکوو زۆر جار بە زۆری، یاســـا لەناکاوەکان و هەبوونی بەردەوامی تووڕەیی دەبێتە مایەی بەکارهێنان بۆ بەهێز کردنی حکوومـــەت و دەســـەڵاتەکەی. کێشـــەی کوردەکان لـــە ڕۆژهەڵاتی ناویندا باس لەو مەســـەلەیە دەکات کە دەوڵەت نەیتوانیوە متمانەی خەڵکی کورد بە دەســـت بێنێ و کوردەکان لە بینینی خەیاڵێک ســـەبارەت بە وڵاتێکی سەربەخۆ کە بۆخۆیان دەتوانن کارەکانی خۆیان ئیدارە بکەن، مەنع دەکات. ئەگەرچـــی دەوڵەتـــەکان لـــە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەیانهەوێ خۆیان لە بواری ڕاگرتنی حکوومەت کردنی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی ئـــەوان بەهێز نیشـــان بدەن، بەڵام مێژوو نیشـــانی داوە کە دوابەدوای سست بـــوون و کەوتنـــە ناو قەیرانی سیاســـی و ناســـەقامگیری، ئەوان هەســـت بە ئەرک دەکەن کـــە دەبێ دەگـــەڵ هەمەجۆرێتی سازگار بن و هەروەها لە بواری حاکمیەت، کەمتر بە توندی هەڵسوکەوت دەکەن. وایت (٢٠١٢) دەڵێ کـــە دەوڵەتەکان زۆربەیان دەڵێن: « شـــەرعییەتی خۆیان بە گوێرەی هێندێک شـــرۆڤە لە ئەســـڵی نوێنەرایەتی دەردەبرن کە بە شێوەی ئێدیعای هاوپشک بوونی شوناسی کەلتووری لەگەڵ کۆمەڵەی بە ژمارە زۆرینە، دەربردراوە.(White 2012, p 2) لـــەو کاتە ڕا کە زۆرینە ســـاز دەبێ و دەســـەڵات دەگرێتە دەســـتی، چەندێک کەمینـــە ســـاز دەبن و دەکەونـــە قەراغی دەوڵەت، جێگەیەک کـــە زۆرینە خۆی بە

سەرۆکی دەوڵەت دەزانێت و کەمینەکان بە پەیڕەوی خۆی دەناسێنێت. بۆچوونێکی یەکسانی سیاسیی گرینگ لە نێوان کەسانی بێ نەتەوە و کەمینەکان هەیە، چونکە ئەوانە هەردووکیان ئاسەواری پێکهاتی وڵاتەکان و میللەتەکان و سیستەمە شارۆمەندییە پۆڵێن کراوەکانن. ئەوە شێوازی دەوڵەت-میللەتەکانە کە وەزعە ئاراستە کراوەکان ساز دەکات کە لە واندا خەڵک دەست بە لەبەرچاو گرتنی خۆی بە نێوی زۆرینە و کەمینە دەکات؛ هاوکات، ئەو پۆڵێنە زیهنیانە دەمێننەوە (White 2012، p 209). بەو بۆنەیە کە دەوڵەت پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی دەیهەوێ پەیڕەوی لە یاسای ئەو بکەن، دروست دەکا، زەروورییە کە دەوڵەت ئەو پەیوەندییە بناسێنێت لەبەر ئەوەی کە ئەو ناسینە، دابینکەری ئەوەیە کە مەبەستی دەوڵەت کام کۆمەڵ یا کۆمەڵەکانە (White 2012). لەو جۆرە وەزعە دایە کە دەوڵەت ناسنامەی کەلتووری دابین دەکات و لە نێو خەڵکدا دەیگونجێنێ کە قازانجەکان، ئەزموونەکان و چاودێتنەکانی کۆمەڵی دەسەڵاتدار بەرچاو دەکاتەوە. ئەوە لازمەی ئەوەیە کە کۆمەڵی دەسەڵاتدار ناسنامە و گرانییەکانی خۆی لەوبەری سنورەکانی دەوڵەت جیهانی دەکات، لە حاڵێکدا گرووپی بەکەمینە و بچووککراو و بێ دەسەڵات، لە بواری جوغرافییەوە ئیزۆلە دەکرێن و دەخرێنە ناو جوغرافیای تایبەت.

شارۆمەندی، ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتەکانە بۆ بەستنەوەی حەشیمەتێک بە سیاسەتەکانی خۆیانەوە. لە حاڵێکدا کە شارۆمەندی گەلێک جار مژدەی هاتنە نێوی نیگایەکی نوێ لە سنورەکانی وڵاتێک دەدات، بەڵام زۆر جار لە لایەن ناسنامەی کەلتووریی کۆمەڵی دەسەڵاتدارەوە دابین دەکرێت و پیس دەبێ. ئەو شارۆمەندییە پلەبەندییە، ئالیکاری دابەش بوونێک لە نێوان زۆرینە و بەکەمینەکراوەکان لە بواری دەسەڵات، مافەکان و سەروەریی کەلتووری و سیاسی دەکات. کەمینەکان بە ئاستەم سەبارەت بە چۆنیەتیی وێراستکردنی شارۆمەندیی دەوڵەت بە مەبەستی سازکردنی گلۆبالیزمی گشتانە کە لەوێدا مافەکان و قازانجەکانی پێکهاتە جیاوازەکان گارانتی و بە دامەزراوەیی دەکرێت، بەشدار دەبن یا پرسیاریان لێ دەکردرێت. لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکان دەسەڵاتی لێپرسینەوە و ئامرازەکانی بەکارهێنانی زۆر و توندوتیژی کۆنترۆڵ دەدەکەن، بە «پێدانی» مافەکان بە کەمینەکان، دەوڵەت و زۆرینە وەکوو سابجێکتی ژێریی سیاسی دەبینرێن. هەڵبەت ئەوە زۆر دوور لە ڕاستییە، لەبەر ئەوەی کە کەمینەکان چاوەڕێی ئەوە نەبوون کە مافەکانیان بە دڵفراوانی پێ ببەخشرێت، بەڵکوو ئەوان توانیویانە بە خەباتکردنی بەردەوامی سیاسی و چەکداری، دەوڵەتان ناچار بکەن تا وڵامی سکاڵا و گلەییە سیاسی، کەلتووری و ئابورییەکانیان بدەنەوە و ڕاستیی ڕەگەزی سیاسیی ئەوان بە فەرمی بناسن. ئەو شتەی لە باسەکانی وایت (٢٠٠٧) ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە ئەوەیە کە بە لێکۆڵینەوەی شێوەی سازبوونی کەمینەکان دەتوانین سەبارەت بە دروستبوونی دەسەڵات و ناسنامەی زۆرینە هەندێک شت فێر بین.

هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، یەکێک لە ستراتێژییەکانی دەوڵەت وەکوو نوێنەری ناسنامەی زۆرینە، لەبەرچاوگرتنی داوا و ویستەکانی کەمینە بۆ هاوبەشیی یەکسان، بەرچاوکردن و بەفەرمی ناسینی بەرابەری کەلتووری و سیاسی، وەکوو دابەشکەر و پێشاندانی وەکوو ئامرازی جودابوونەوە یان پیلانی دەرەکی بۆ شکاندنی دەوڵەتە. وایت

(۲۰۰۷) نیشان دەدا کە چۆن کەمینەکان بۆ سازکردنی ناسـیۆنالیزمی زۆرینە دەبنە ئەوانی تری پێویست:

لە ڕاستیدا، وڵامە نەتەوەپەرەستییەکان بە جوداییخوازی، داوێنـی جوداییخوازان ناگرێتەوە. ئەوان لە ڕاسـتیدا مەبەستیان ئەوەیە کە بە فەرزکردنی هەبوونی زۆرینە و مافی سەپاندی دەسەڵاتی خۆیان، هەستی نەتەوەپەرسـتیی نشتیمانی لە نێوان ڕەوتە سـەرەکییەکاندا بڵاو بکەنەوە. دەرکەوتنی ئـەو زانیارییـەی «زۆرینـە»، پێدەچێ بە ئاسانی زانیاریی «کەمینە»، لە کۆمەڵگاکانی دەرەوەی وێگا سەرەکییەکە هەڵبەزێنێتەوە، کە کە لە دۆزێکی چەمبەرین، کاریگەریی تایبەتـی خۆی لەسـەر ڕەوشـی زۆرینە دادەنێت (White 2007, p76-77).

گەرچی وایت سەبارەت بەو ستراتێژیy ە دەوڵەتیoy بۆ ساز کردنی نەتەوەپەرستی ڕاست دەکا، بەڵام من دڵنیا نیم کە وڵامی دەوڵەتەکان بـۆ کەمینـەکان, داوێنگری کەمینـەکان نەبێتـەوە، چـون ئـەوان کەسـانێکن کـە کاتێک دەوڵـەت ئەوان دەگرێتە بـەر ئامانجی خۆی، گەلێک جار بەهاکەی بە ژیـان وماڵی خۆیان دەدەن، ئـەوان لە دەرەوەی یاسـا دادەندرێن و لە لایـەن دەوڵەتەوە بە نێو دوژمنی نێوخۆیی دەناسرێن و سـووکایەتییان پێ دەکرێت. هەر لەبەر ئـەوە، کەمینەکان بۆ دەوڵەت-میللەت کێشەسـاز نین، هەرچەند کاتێک مێژووی دەوڵەت-میللـەت باس دەکرێت، دەخرێتە بەرچاو و سـاز دەکرێت، بە ڕای زۆرینە، کێشەسـاز دەبـێ. وڵام دانەوە بە نیگای زۆرینـە، نیگایەکـی کەمینە نییە کە بتوانێ بۆخۆی کێشەسـازی بکات. لە بەرانبەردا، کێشـەی گرینگتـر ئەوەیە کە کەمینەکان، ئایدیا و پۆزیشـێنی سیاسی یا پۆزیشـێنێک کە هەموو کات ئەوانی بە کەمینە ناسیوە و کۆمەڵی دەسەڵاتداری بە زۆرینە، قەبوڵ نەکەن. مێژووی کەمینەکان و زۆرینەکان لە بواری مێژوویی و سیاسی تێکـەڵاو و پێکهێنـەری یەکتـرە(White 2007).

## زۆرینـەی تاڵانکـەر و ململانـێ بـۆ (سەرلەنوێ)پێناسـەکردنی ماڵـی سیاسی

توێـژەری هیندی، پانـدەی (۲۰۰۶) سەرەرای باس لەسەر چۆنیەتیی پێکهێنانی پۆلێنکردنـی زورینـە و کەمینـەکان و هەروەها ئـەو هەلومەرجانـەی کە دەبنە هۆی پێکهینانیان، دەڵـێ کە توندوتیژیی ئاسـایی «لە پێکهینان و بەردەوامیی نەزم دانی سیاسیی هاوچەرخ و، لە دروستکردن و نـوێ کردنـی زۆرینـە و کەمینەکان» نووسراوە. توندوتیژیی ئاسایی تەنیا جەبری بەرچـاو نییە کـە دەوڵەتـەکان لە دژی کەمینەکان بۆ ئەرزاقی دەسـەڵاتی خۆیان و خۆزایی بوونی ناسنامەی زۆرینە بەکاری دینن، بەڵکوو خۆ نیشـاندانەکانی ڕۆژانەی ئێمە لـە ئاسـتی غەریبەکان، شـێوەی پێکهێنـان، فکرین و پەیوەنـدی لەگەڵ دراوسێکانە و هەروەها ئەو شتانەی لەسەر ئـەوان دەیانخوێنینەوە و ئەو کاتەی کە بۆ زۆرینە بەرچاو نیـن، دەیانبینین. ئەوە بە هەمان مەزنایی سـەبارەت بـە چۆنیەتیی قسە کردنمان لەبارەی ئەواندایە و هەروەها بێدەنگییەکانی کە تووشیان دەبین، کاتێک کە ئەوان دەبنە ئامانجی وشـەکان و هێزە فیزیکییەکان(Ibid، p8).

لە ژێر ڕێزبەندیی سیاسی و مەرجەکانی ئایدیـا و توندوتیژیی نەتەوەپەرسـتانەیە کـە کەمینەکان پێکدێـن و وەکو «برەند» دەبینرێن، لە حاڵێکدا کە کۆمەڵی زۆرینە «بێ برەند» و ئاسـایی دەکرێن. ئۆرینتێیشێنی ناسیونالیزم، گەلێک جار بەرەو خولقاندنی

پۆڵێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خولڵقاندنی پەیوەندییەکانی خاڵ و زوڵم، سەروەری و هاوکۆماری لە دەروون ودەرەوەی هەرێمەکانی دەوڵەت-میللەت دەچێت Ibid، p13له چەمکێکی هاوشێوە، ئێپادورای (٢٠٠٦) ڕەوایەتێکی هوشیارکەر سەبارەت بە ئایدیای مەترسیداری دەوڵەت-میللەت و بنیاتنانی کەمینەکانی ئەو لە ژێر سێبەری گلۆبالیزم، ڕێکدەخات. ئەگەر لە درێژاییی مێژوو شەرەکان بۆ بنیاتنانی وڵاتەکان بەکار دەهێندران، دەوڵەت-میللەت بۆ خوڵقانی کۆمەڵگای نەتەوەیی و پێوەگرێدانی زۆرەملێ لە نێوان کۆمەڵی حاکم و دەوڵەت، توندوتیژیی بەکار هێناوە. ئێپادۆرای ئەو خاڵە لەبەر چاو دەگرێ کە زۆرینە بۆ هەبوونی خۆیان زۆرتر پێویستیان بە کەمینە هەیە، لەبەر ئەوەی کە بە دابین کردنی سنورەکان و خوڵقاندنی ڕەگەزەکانی تر کە دەگەڵ قازانجە گشتییەکان ڕێک نەبن، لە دۆزی «ئێمە پێکدێنین» بە ناوەندپارێزی دەگۆڕدرێن. لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەت-میللەتە کە چەمەکەکانی زۆرینە و کەمینە واتا دەگرنەوە، هەر لەبەر ئەوەش زۆرینە دەتوانێ لە هەبوونێکی ناتەواو و قەڵشتێکی کە ماوەتەوە (کەمینە بە نێوی بەند) بۆ گەیشتن بە گشتی نەتەوەییی ساف ئێش بکێشێت. ئەو هەستی مەراق و ناتەواویەتییە، زۆرینە دەکێشێنێتە لای توندوتیژی دژ بە کەمینەکان (ibid) کە داوای هاوسەنگی، نوێنەرایەتی، سەربەخۆیی و مافەکانیان بە نێوی کۆمەڵی جیاوازی کەلتووری و ڕەگەزی دەکەن. کەمینەکان بە خۆبەخۆ دەبنە ڕەقیبی سیاسی و بەندێک لە ئاست چاوڵێکردن و ئامانجە کڕ و پرەکانی نەتەوەسازی کە کۆمەڵی زۆرینەکان دەخوازن. ئێپادۆرای (٢٠٠٦) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەستی نەبوونی ئاسایش لە لایەن کۆمەڵی حاکم دەتوانێ مەیدان بۆ چالاکییەکانی ژێنوساید لە ئاست کەمینەکان ڕێک بخات. لە جیهانێکی پێشکەوتوودا کە بە جیاوازی و سنۆر و ناسنامە تاریکەکان دیاری کراوە، زۆرینە زیاتر سەرقاڵ دەبێ تا هەستی نەبوونی متمانە و ناتەواویی خۆی کە لە دەرخستنی کەمینە ئیختار دەکرێ، کۆنترۆڵ بکات. کەمینەکانیش خەریکن دەبنە پرسە گرینگەکانی بێزاری لە دەوڵەتەکان و ئەو زۆرینەگەلەی کە نیگەرانییەکانی خۆیان «لەمەڕ کەمینەکانی پەراوێزی خۆیان (جا ڕاستەقینە بێ یا وێناکراو) لە جیهانی چەند دەوڵەتیدا، لە ڕەوتە ئابوورییە بێ ڕێساکان و ئەو حاکمییەتانەی کەوتوونەتە بەر مەترسی»، دەگوازنەوە. (ibid P43).

زۆرینە خوازیاری گۆڕینەوەی جێگەی خۆی لەگەڵ کەمینە نییە لەبەر ئەوەی کە ئەوان خۆیان بە ئەندامێک لە کۆمەڵی حاکم دەزانن لە حاڵێکدا کەمینەکان زۆرتر جێگەیەکی تر و حاشیەییان هەیە. ئەو هەستی نەبوونی ئەناهییە، زۆربەی جارەکان دەبێتە هۆی پێکهینانی زۆرینەی درندە (Appadurai2006) کە کەمینەکان وەکوو مەترسییەک بۆ ئاسایش، خۆشبژیوی و دەسەڵاتی ئەوان لە نێوخۆی وڵات دەزانن. ئاشکرایە کە ئەو دیسکۆرسە سیاسییانەیە کە زۆرینەکان، بە مەبەستی دەورپێچ کردن لە لێواری هەڵوەشاندنەودا بەسیج دەکات. بە بەسیجی سیاسی، زۆرینە تەشویق دەکرێن کە بە شێوەیەکی ژیرانە سیاسەتیک بەکاربێنن کە سەروەری و لەپێشتر بوونی ئەوان لەخۆ بگرێت. ئیجازە بدەن تا دوو نموونە لە شێوەی نیشاندان و هەستی ئەو ڕقە لە ئاست کەمینەکان لە عێراق و ئەمریکا باس بکەم. سەرەڕای خۆشبینیی سیاسی کە کوردەکانی عێراق دەتوانن مافە بنەڕەتییەکان و سەربەخۆیی خۆیان لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بە دەست بهێنن،

نوینەرانی نەتەوەپەرەستی عەرەبی-عێراقی، هەرێمی کوردستان وەکوو مەترسییەک بۆ نەتەوەی عەرەب دەزانن. سەیر بکەن کە چۆن سەمیر عوبەید، لێکۆڵەری عێراقی-عەرەب رای خۆی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت:

ئایا تاکوو ئێستا نێوی هەرێمیکتان بیستووە کە وڵاتی سەرەکی قوت بدا، ناسنامەکەی لە ژێر پێ دانێت و بیکات بە دەڤەر؟ وڵام نایە، ئێمە نەمانبیستوە و نەمانخوێندۆتەوە کە هەرێمێک و وڵاتێکی بچووک دەتوانێ ئەوەندە حوکم بکا کە مێژووی تاقانەی وڵات و نەتەوەیەک لە بەین ببات، تەنیا لە عێراق. عێراقی عەرەبی، کە بەشەرییەت لە وێ پێشینەی حەوت هەزار ساڵەی هەیە، بۆتە ناوچەی هەرێمی کوردستان، لە حاڵێکدا نەتەوەی عەرەب تەنیا بۆتە نۆکەری نەتەوەی کورد (Bengion2010, p4)

ڕاپۆرتی سەرێ نیشان دەدا کە کوردەکان لیاقەتی پۆزیسیۆنی هاوسەنگیان لە کۆماری عێراقدا نییە کە دەبێ پێش هەموو شتێک کۆمارێکی عەرەبی بێ، لەبەر ئەوەی کە «هەموو کات» وابووە، بەڵام بە ناسنامەی بەرزبووەوەی کوردی و دەسەڵاتی سیاسی دە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوە ڕاگیرا. دوای ڕیفراندۆمی کوردەکان بۆ سەربەخۆبوون لە سێپتامبری ٢٠١٧ کە زیاتر لە سەدا نەوەدی دەنگەکانیان بە دەست هێنابوو، ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراق سەبارەت بە بەڕێوبردن بێگومانتر بوو و دەوڵەتی عێراق لە بەغدا هەر دێت و بەشی بودجەی کوردەکانی عێراق کەمتر دەکاتەوە و بۆ چەکداری لە دژی کوردەکان بە کاری دێنیت. هەڵبەت ئەوە بۆ تەسدیقی گەندەڵیی بەربڵاو لە بەشی نەوت لە هەرێمی کوردستان نییە کە بە دەستی دو حیزبە بەڕێوبەرەکانی کورد، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، مۆنۆپۆلیزە کراوە. گەندەڵیی ئابووری و سیاسی لە ناوچە غەیری کوردییەکانی عێراق کە عەرەبە شیعە یا سوننەکان بەڕێوەی دەبەن، کەمتر نییە بەڵکوو زۆرترە. عێراق وەکوو وڵاتێک، یەکێک لە گەندەڵترین دەوڵەتەکانی جیهانە. لە ساڵی ٢٠١٢، نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، گلەییی لە زۆر بوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکرد و بە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنیی کوردی گوت کە هەرێمی کوردستان جۆرێک هەڵسوکەوت دەکا وەکوو ئەوەی کە عێراق بەشێگ لە کوردستانە (Eliassi 2013). لەڕاستیدا، پێناچێ زۆر گرینگ بێ کە چ کەسێک سەرۆکوەزیرانی عێراق بێ، لەبەر ئەوەی کە ئایدیای مافی کوردی بۆ سەربەخۆیی و خۆئیدارە کردن لە لایەن عەرەبەکانی شیعەی حاکم لە عێراق پارێزراو نییە، تەنانەت ئەگەر لە یاسای بنەڕەتیی ئێستای عێراقیش تەسدیق کرابێ. نموونەی سەرێ زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ سەربەخۆییی وڵاتە کوردییەکان بوو کە لە ناوچەی خۆیاندا زۆرینە بە وانە بەڵام بە هەژماری لە چاو عەرەبەکان لە هەمووی عێراق کەمترن.

ئێستا ئیجازە بدەن کە بۆ لای نموونەیەکی تر بچین کە نیشان دەدا چۆن زۆرینەی سپی پێست لە لوئیزیانا، بە هۆی هەبوونی گرووپەگەلی ناسپی پێست کە پشکی خۆیان لە خۆشگوزرەزانی و خولیای ئەمیرکایی بوون، داوا دەکەن، خۆیان بە کەمینەیەکی دەورپێچ کراو دەزانن (Hochschild 2016). بە وتەی هاچشیڵد، ئەندامانی کۆمەڵی سپی پێست، ئەو کۆمەڵە غەیری سپی پێستانە «پێشتر لە خەت» دەزانن و گەیشتن بە خەونی ئەمریکایی بۆ زۆرینەی سپی پێستەکان وەدوا

دەخەن. دروستیی داوای چەندکەلتووری بوونی سیاسی لە نەتەوەیەکگرتوەکان، کە میدیا لیبراڵەکان بە خەتاکاری دەزانن، مەرجێکی ساز کردووە کە زۆرینەی سپی پێستەکان ناتوانن هەستی «راستەقینە»ی خۆیان بەرانبەر بە ئازارەکان، رەش پێستەکان، ئافرەتەکان، کۆچبەرەکان، و هاورەگەزخوازەکان دەربڕن. جێگەی سەرنجە کە ئەوە کومەڵە بێبەشەکان لە بواری مێژوویی و هاوچەرخن کە دەچنە ژێر رق و نەفرەت و وەکوو «دزینی» جێگەی خۆیان لە سەفدان کە ببێتە هۆی خولْقاندنی ماف و بەرژەوەندییەکانیان. ئەندامانی ئەو کۆمەڵە سپی پێستە بە هۆی رامانە موحافزەکارانەکانی خۆیان سەبارەت بە زەواج، سیلاح، رۆڵە جنسییەکان، رەگەز و ئالای کۆنفیدراسیۆن، لە بواری کەلتووری، خۆیان بە روورەش کراوی دەستی میدیا لیبراڵەکان دەزانن. هاچشیلد جیهان بینی و سەرپێهاتەکانی ئەوان ئاوا دەکێشێنێتە روو:

بێگانەکان لەریزدا دێنە پێشتر لە ئێوە و ئێوە تووشی مەراق، رق داگرتن و ترس دەکەن. سەرۆک کۆمارێک لەگەڵ لایەنی دابڕان یەکگرتوو دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێوە هەست بە بەدگومانی و خیانەت بکەن. کەسێک لە ریزی پێشتر لە ئێوە وەکوو کرێکارێکی نەزان و جاهیل سووکایەتی بە ئێوە دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەست بە بچووک بوون بکەن و زۆر قەڵس بن. لە بواری ئابوری، کەلتووری، چاندی، دێموگرافی، جوغرافی، و سیاسی ئێوە لە وڵاتی خۆتان لەناکاو وەکوو بێگانەیەکتان لێدێت (Hochschild 2016, p 222)

زۆرینەی سپی پێست بێدەنگ و بە هەستی دەورپێچ بوون، چووک بوون، و بەرووڕەش کراوی، دەکەونە پەراوێزەوە و چاوی ئومێدیان لە دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ئەمریکایە کە دەتوانێ دوبارە ئەمریکا گەورە پێشان بدات. بە هەڵبژاردنی ترامپ، زۆرینەی سپی پێستەکان دەتوانن بەرێوبەریی بارودۆخی وڵاتی خۆیان بکەن و لەمەو بەدوا هەست بە غەریبایەتی لە وڵاتی خۆیان نەکەن، بانگەشەیەک کە کە پلورالیزمی نەتەوەیی-کەلتووری پێکی هێناوە (ibid; see also Hage 1998). ئەو کێشەیە لەسەر شێوەی دەربڕینی ترس و نیگەرانیی زۆرینە وەک بەرێوەبەرانی بارودۆخی وڵات دەر حەق بە عێراق یا ئەمریکا، شتێکی ئاوارتە نییە. بە پێچەوانەوە، ئەوە ئۆلگوویەکی سیاسییە کە لە گفتوگۆی هێزەکانی دژ بە کۆچبەری لە ئەورووپاشدا کاریگەریی هەیە و هۆشاری بە ئەورووپییە سپی پێستەکان دەدا کە کۆچبەرە موسوڵمانەکان بەم زووانە لە بواری چەندی و کەلتوورییەوە ئەورووپا دەورپێچ دەکەن و ئەورووپاییەکان لە وڵاتی خۆیان دەبن بە کەمینە (see Eliassi 2013).

پێداگری لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتەکان رێنجێکی بەربڵاو لە سیاسەتە جۆرواجۆرەکانیان بۆ پێشوازیکردن، گونجاندن یا پەراوێزخستنی کەمینەکان بەکار دێنن، گرینگایەتییەکی یەکجار زۆری هەیە. قورسایی چەندیی کەمینەکان لەگەڵ ناسنامەی رەگەزی و ئایینیی ئەوان کاریگەری لەسەر وڵام دانەوەی دەوڵەتەکان بە گلەییەکانی ئەوان هەیە. بۆ نموونە، مەسیحییەکان لەرۆژهەڵاتی ناویند لە بواری چەندی، لە موسوڵمانەکان کەمترن و زۆر جار لە نێوان وەعدەی دەسەڵاتدارەکان بۆ پشتگیری لە دەوڵەت و مەترسییەکانی مارژینالیزە کردن لە لایەن کۆمەڵی زۆرینە کە دەوڵەتەکە وەکوو وڵاتێکی موسوڵمان دەناسێنن، دەمێننەوە. بەراستی، زۆریک لە دەوڵەتەکان لەرۆژهەڵاتی ناویندا وەکوو

کوردەکان، پشتگیری یا داوای ڕاستەقینەی خۆیان لە مەسیحییەکان و کەمینەکانی تر، وەکوو شاهیدێک بۆ بە فەرمی ناسینی ڕۆژئاوا و پشتگیری لە شێوازەکانی بەڕێوبەرایەتیی خۆیان دەزانن. بە باوەڕی Zabad(2017) سێ فاکتەری سەرەکیی سیاسی و کۆمەڵی هەیە کە دەتوانێ کێشە و هەڵسوکەوتی کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا باس بکات: یەکەم، یەک قەیرانی نەتەوەییی بەردەوام هەیە کە لە کاتی پەیمانی سایکس-پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا، لە ناوچەکە لە هاتوچۆدایە. ئەو دەوڵەتانەی لە لایەن ئەم دوو هێزە کۆلۆنیالیستەوە دروست کراون، پێشاندەری خولیاکان، وەفادارییەکان یا هەستی خەڵکانی نشتەجێی ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوانە نین. میراتی ئەو خەتە لێک جیا بووەوانە لە نێوان کۆمەڵە جۆراوجۆرە ڕەگەزی و ئایینییەکان ئێستاش هەر زیان بە ناوچەکە دەگەیەنێت. جیا لەوە، وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەیانتوانیوە دەزگایەکی سیاسیی گشتی پێک بهێنن کە ڕێز لە جۆراوجۆری و جیاوازی بگرێت و پێشوازیی لێ بکات. ئەو کارە، کەمینەکانی لە پۆزیسیۆنێکی هەمیشەییی بریندارکەردا دانابوو. دووەم، هێزە لیبراڵەکان یا غایب و لاوازەکانن، ناسیۆنالیزمی سێکۆلار ڕەنجی سیاسی و فەقری ئابووریی پێوە بووە. ئیسلامییەت، چ لە شێوە ناوینییەکانی و چ لە شێوە ئیفراتییەکانی، هەموویاساکانی زۆرینەی زاڵم بوونی بەدواوە بووە کە کەمینەکان بێجگە لە پێبەند بوون، زوڵم و توندوتیژی، هیچ چاوەڕوانیی تریان نەبووە. هەڵبەت، ئەو هێزانە بۆی هەیە ئیستلاحاتێکی زۆر ڕوون وەکو «برایەتی» (بە دەگمەن خوشکایەتی) «پێکەوەژیانی» و «هاوسەنگی» بە کار بێنن، بەڵام بەشێکی کەم لەوانە بە سیاسەتی ڕاستەقینە وەرگێردراون. دینامیک بوونی زۆرینە و کەمینە و پێشینە سازمانییەکانی کە لە نێو واندا حەشار دراوە، دەبێتە هۆی ساز بوونی بەدگومانیی بەرانبەر و دوری سیاسی. زۆرینە، زۆر جار، کەمینەکان بە تاوانبار دەزانێت کە بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی وڵات بۆ هەڵوەشاندنی وڵات، دەبنە هۆی پێشگیری لە هاوگرتنی کۆمەڵایەتی. لە حاڵێکدا کە کەمینەکان زۆرتر پشتیوانی لە فرەکەلتوورپارێزی دەکەن. زۆرینە داخوازی ئەوەن کە فرەکەلتوورپارێزی وەکوو لاوازکەری هێزی زۆرینە و یەکگرتوویی نەتەوە بزانن(Zabad 2017 , p 2-3). مافی کەمینەکان لەگەڵ جییابوونەوە وەکوو یەک دەناسرێن و جۆراوجۆری وەکوو ناکۆکیی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتویی شرۆڤە دەکرێت.

لە چەمەکێکی هاوشێوەدا سەبارەت بە شکستی (تێکچوونی) دەوڵەت-میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە خولقاندنی یەک چوارچێوەی سیاسیی گشتی بۆ جۆراوجۆری و جیاوازییە ڕەگەزی و ئایینییەکان، کیملیکا و فۆستڵ (2014,-p9-16) وەک یەک ئیشارە بە سێ فاکتەری گرینگ دەکا: یەکەم؛ میراتی میللەت-سیستەمی عوسمانی، پێشینەگەلێکی بۆ لاوازیی یاسایی، ماژینالیزە کردنی سیاسی و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵەکانی کە وەکوو سوننە-موسڵمان نەدەبیندران، خولقاندووە. دووەم؛ میراتی کۆلۆنیالیزم ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەربڵاوە، شوێنێک کە کەمینەکان، بە شیاوی متمانە نازانن و وەکوو بەکرێگیراوی دەسەڵاتە بێگانە و ڕۆژئاواییەکان کە ئامانجیان ڕێوبەری و دابەش کردنی جیهانی ئیسلامە، لێیان دەڕوانن. هەڵبەت، پێویست نییە ئەوە تەنیا دەست تێوەردانی ڕۆژئاوا بێت. بۆ نموونە، لە حاڵێکدا کە

ئێران لە بواری سیاسی و لەشکەریدا هێز دەبەخشێتە کەمینە یا زۆرینە شیعەکان لە جیهانی عەرەب، سعودیاش بە سەختی هەوڵ دەدات تاکوو دەسەڵاتی پارسی و شیعە لە ناوچەکەدا کۆنترۆڵ بکات، هەرچەند سەرکەوتنێکی زۆری نییە. نموونەکانی سوریە، عێراق، لوبنان، بەحرەین و یەمەن نیشاندەری پێوانی ئەو هێزانەیە. سێیەم؛ وڵاتە عەرەبییەکان و، من لێی زیاد دەکەم ئێران و تورکیا، لە لایەن ڕێبەرانی سەرەڕۆ و ڕێساکانی پێکهاتە-نەتەوەوە بەڕێوە دەبردرێن. کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان نامۆیی و ڕەنجیان بۆ زۆ زۆرینە و بەڵام لەوانیش زیاتر بۆ ئەو کەمینانە ساز دەکەن کە بە شێوەی گومانلێکراو و وەک سیخوڕ چاویان لێ دەکرێ. دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەرقاڵی شێوازەکانی هێرشبەرانەی سیاسەتی هۆمۆژێنیزاسیۆن و لە ناو بردنی زمان، ناسنامە و کەلتووری کەمینەکان لە شوێنە گشتییەکان بوون. جێگەی سەرنجە کە، کیملیکا و فۆستل (2016, p 15) ڕێفرەنس دەدەنە خەددار (٢٠١٢) کە لە نێوان ناسیۆنالیزمی کۆلۆنیالییی دەسەڵاتدار لەسەر جیهانی عەرەب، کە کۆمەڵە جیاواز و جۆراوجۆرە ڕەگەزی و ئاینییەکان لە پەنا یەکتر، دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنالیزم شەڕ دەکەن و ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، کە دیسکۆرسەکانی سەرەڕۆیی و هۆمۆژێنیزاسیۆنیان گرتووەتەبەر و داوا و خواستەکانی کەمینەکان و جۆراوجۆری وەکوو کێشەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینن، جیاوازی دادەنێت (Kymlicka &Pföstl2016).

## ڕوانینی مافەکانی کەمینەکان لە ڕوانگەی ئەمنیەتیکردن

بەئەمنیەتیکردنی کەمینەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر بەربڵاوە. بۆ نموونە، زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە دەسەڵاتیان بە سەر کوردەکاندا هەیە، میلیتاریزە کراون، کە زۆر جار بووەتە هۆی ئاوارە بوون و توندوتیژیی بەردەوام بە بۆنەی شەڕی دژی «تیرۆریسم». ئەوە تەنیا کوردەکان وەکوو خەڵک نین کە بە ئەمنیەتی کراون، بەڵکوو ئەو ئەمنیەتی بوونە جوغرافیایەکیش کە ئەوان تێیدا دەژین دەگرێتەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانهەوێ کوردەکان بەرنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، جوغرافیای کوردەکان وەکوو وڵاتانێکی ناراست و «خراپ» دەبینن. هەر ئەو مەسەلەیە سەبارەت بە فەلەستینییەکانیش ڕاستە کە زیاتر لە هەموو شتێک وەکوو مەترسییەکی ئاسایشی بۆ هەبوونی ئیسراییل دەبیندرێن. هەموو وێستگەکانی پشکنین و حەسارە ئەمهنییەکان و ئەو چاوەدێرییانەی کە ئەرتەشی ئیسرائیل دەیخاتە سەر فەلەستینییەکان، پێشاندەری ئاستی تەناهیی ئەو بەشەیە کە جووڵە و مافەکانی فەلەستینییەکان دەکاتە ئامانج و بێ هێزی دەکا. بە گوتەیەکی تر، ئیدیعای فەلەستینیی و کوردەکان لەبارەی مافەکانیان، بەرابەری و وڵاتیان لە دەلاقەی ئەمنییەوە سەیری دەکرێت. نیمنی (٢٠١٥) پێی وایە کە بەتەناهی کرد لە کۆنترۆڵی پێکهاتە-نەتەوەدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە. بە بەرابەر بوونەوەی نەتەوەکان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتییە خەڵکی و دەوڵەتە نیشتیمانییەکان، کاتێک کەمینەکان بە سیاسەت و توندوتیژی وەڵامی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەدەنەوە، دەبنە بێگانەی کەلتووری. مێژووی دابین کردنی ئاسایشی کۆمەڵە ڕەگەزییە بێ دەسەڵاتەکان، دەگەڕێتەوە دوسەد ساڵ لەمەوبەر و دەتوانین ئەوە لە نێو دیسکۆرسی کۆماریخوازەکانی فەرەنسا

و لیبرالیسمی ئینگلیزیدا ببینینەوە کە جۆرواجۆری و ناکۆکییان وەکوو خەتەرێک بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی و دیموکراسی دەزانی (Nimni 2015). کاتێک کە وڵاتێک یەک کۆمەڵی کەمینە وەکوو مەترسییەک بۆ ئاسایشی وڵاتەکەی دەباتە ژێر باری ئەمنیەتیکردنەوە، دەوڵەت دەتوانێ یاساکان ڕاگرێت و چالاکییەکانی دۆخی لە ناکاو بەڕێوە ببات، بۆ ئەوەی هەر کارێک کە بۆ ئەمنیەتیکردنی کەمینەکان بەکاری دێنێت پەسندی بکات (Dajani 2015). بە وتەی کیملیکا، ئەمنیەت لە بەرانبەر کەمینەکان کاتێک ڕوو دەدات کە دەوڵەتەکان داوای کەمینەکان لەڕوانگەی «ئینساف و دادپەروەری»یەوە نەبینن بەڵکوو لەڕوانگەی ئەمنیەت و وەفاداری»یەوە ببینن (Kymlika 2004, p 134).

ئەوە بەو واتایەیە کە ئەمنیەتیکردن بۆ کەمینەکان لە پێش دادپەروەری بۆ ئەوانە، بەو باوەڕە کە تەنیا کاتێک کەمینەکان لە بواری سیاسی لاواز بن، وڵاتێکی بەهێز دادەمەزرێت؛ تا کەمینەکان نەتوانن تەواویەتی نیشتیمانی وڵاتەکە بخەنە مەترسیەوە. کرافت (2012 , p 219) چەمکی نەبوونی پارێزراوی بە مەبەستی وەسف کردنی پرۆسەیەک بەکار دێنێ: «لەم ڕێگایەوە هێزی حاکم دەتوانێ بڕیار بدا کە چ کەسێک دەبێ پارێزگاریی لێ بکرێ و چ کەسێک دەبێ بخرێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە دەبێ بکەونە ژێر کۆنترۆڵ، چاوەدێری و ترس.» کیملیکا (٢٠٠٤) دەڵێ ڕۆژئاوا خۆی دوور دەخاتەوە لە ناسیۆنالیزمی ئەمنیەتیکردنی کەمینەکان و ئیجازەی سیاسەتی جیا بوونەوەی لە نێو سیاسەتی ئاساییدا داوە کە لەوێدا ئەکتەرە جیاوازەکان هەبوونی دەوڵەت بپارێزن، بەرەورووی کێشەی بکەنەوە یا قەبوڵی نەکەن. ئەو شێوازە تەواو دیموکراتیکە وەکوو دەرمانێکی پێش دەرد لە هەمبەر شێوازە غەیری لیبراڵەکان و توندوتیژیی سیاسەتی ناسنامەیی دەبیندرێت کە وڵاتە غەیری دیموکراتیکەکان لەبەرچاوی دەگرن و پەروەردەی دەکەن. لە دیموکراسیدا گرینگە کە جیا بوونەوە بەو شێوەیە نەبیندرێت:

جەنایەتێکی دژ بە مرۆڤایەتی، و ئەوەی کە ئامانجی یەک سیستەمی سیاسیی دیموکراتیک نابێ ئەو مەسەلەیە وەک ناباوەڕانە چاو لێ بکات. دەوڵەتەکان و سنووره دەوڵەتییەکان پیرۆز نین. یەکەم ئامانجی هەر وڵاتێک دەبێ بەرز کردنەوەی ئاستی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری و خۆشبژێویی شارۆمەندان بێ نەک ئەوەی کە بە جۆرێک نەک ئەوەی ڕژد بن لەسەر ئەوەی هەر شارۆمەندێک تاهەتایە خۆی مەجبوور بە ملکەچ بوون لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاراییدا بزانێ. ئامانجێک کە تەنیا لە ڕێگای ئامرازە نادیموکراتیک و نادادپەروەرانەکان، لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەستەبەر دەبێ. یەک وڵات تەنیا کاتێک کە مەیلی بە ژیان لەگەڵ مەترسیی جیا بوونەوە هەبێ، دەتوانێ لە بەرژەوەندییەکانی دیموکراسی و فێدێرالیزم بە تەواوی بەهرەمەند بێ (Kymlicka 200,4 p 166).

لەڕاستیدا، ئەو ڕێورەسمە دیموکراتیکە کە کیملیکا نیشانی دەدات، نە تەنیا لە چەمکێکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کە ڕێژیمە دەسەڵاتخوازەکان، کەمینەکان لە ژێر ڕەوشتە جەبرییەکان، توندوتیژی و بێبەش کردن دادەنێن، بەڵکوو لە دیموکراسییە لیبراڵە ئەورووپییەکان وەکوو سپانیاش، ئاتۆپیکە. بۆ نموونە، کاتێک هەرێمی کوردستان و کاتالۆنیا لە ساڵی ٢٠١٧ دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، هەردووکیان بە بۆنەی ناسەقامگیر کردنی وڵاتەکانی کە دانیشتووی ئەوانن، سەرکوت و مەحکووم

کران. عێراق و سپانیا ئەنجامی ئەو ڕیفراندۆمانەیان ڕاگرت و چالاکییەکیان کرد کە بنەمای دیموکراسی و مافی چارەنووسی لاواز کرد. ئەورووپا نەیدەتوانی بە کوردەکان بڵێ ئێوە مافی سەربەخۆییتان هەیە، بەڵام کاتالانەکان دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی سپانیادا بمێننەوە. بۆ نیشاندانی کۆدەنگیی دیسکۆرسیک، لە ساڵی ٢٠١٧، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان، فرانک واڵتێر ئێشتاین مایر، سەربەخۆییی کوردستانی وەکوو هۆکاری ناسەقامگیری لەڕۆژهەڵاتی ناوین مەحکووم کرد. وتەگەلێکی دیسکۆرسی کە لەگەڵ ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار و بەڕێوبەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە مافی کەمینەکان لەگەڵ بێ سوباتیی سیاسی بەیەک دەزانن، هیچ جیاوازییەکی نییە. بە کورتی، کەمینەکان، وەزعی مافی، زمان، شێوازی ژیان، خۆشبژیوی یا هەژارییەکەیان و زیاتر لە هەموو شتێک سیاسەتەکەیان، فاکتەرێکن کە سەقەت بوونی دەوڵەت-میللەت وەکوو شوێنێکی تایبەت بە خۆیان و پاکیی ڕەگەزییەکەیان وەبیر زۆرینە دێنیتەوە (٢٠٠٦, Appadurai). بە هەمان شێوە، کەمینەکان وەکوو شاهیدی سەرەکیی جنایەتەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان کار دەکەن و بیرەوەریگەلێکیان هەیە کە دەوڵەتەکان دەیانهەوێ لە مێژووی خۆیان و کردەوەکانی خۆشەرعیەتدانیان، دەری بخەن (See Butler 2004). لەو وتارەدا، من ئیدیعای پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی کەمینەکانم کرد نەک ئەوەی نە ئەوەی کە کەمینەکان غەیری خەڵک لە قەڵەم بدەم، بەڵکوو ویستوومە نیشان بدەم کە چۆن کەمینەسازی لە لایەن دەوڵەت-میللەتەکانەوە (جێگایەک کە زۆرینە دەبنە باشترین و کەمینەکان زوڵمیان لێ دەکرێ) پێک دێت. لێرەیە کە سیاسەت و بزووتنەوەی کەمینەکان دەستبەکار دەبن و هەوڵ دەدەن تاکوو مەرجە سیاسییەکان، فورموڵ یا فەرمانەکانی ناهاوسەنگیی حازر کە بۆ بەدیهێنانی قازانجەکانی ڕەگەزی زۆرینە پێکهاتوون و دروستیان دەکەن، بگۆڕن. کاتێک دەوڵەت لە دەستی ڕەگەزێکی تایبەتدا بێ، مەیلی بە داگیرکردنی هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان هەیە و خۆی وەکوو ناسنامەی نەتەوەیی بۆ هەمووان هێژمۆنی دەکات. هەر جۆرە بەرخۆدانێکی ڕادیکاڵ یا شۆڕشگێڕی، دژ بە ئەو نەزمە دەسەڵاتخوازە، بە نێوی چالاکیی «تیرۆر» و «هەڵوەشاندنخوازی» دەکەوێتە بەر ئینکار. هەڵبەت، ئەوە دیسکۆرسێکە کە دەوڵەتەکان بە کاری دێنن بۆ پاساوی سەرکوتکردنی توندوتیژانەی کەمینەکان کە بەدوای مافی خۆیان وەکوو پێکهاتە یاسایی و بە ڕەسمی ناسراوەکانی کۆمەڵگادان، نەک وەکوو شارۆمەندانێکی دیاریکراو کە کولتوور، ناسنامە، و زمانی ئەوان، کاتێک ڕووبەڕوووی دامەزراوە زاڵەکان و ئەندامانی ئێتنیسیتە زاڵەکان دەبنەوە، دەچێتە ژێر پرسیار.

## سەرچاوەکان


Alcoff، L. M. & Mohanty، S. P. (2006). Reconsidering Identity Politics: An Introduction. In Linda، M. A.، Michael، H-G.، Satya، P. M. & Paula، M. L. M. (eds.) Identity Politics Reconsidered (pp. 1-9). New York، NY: Palgrave Macmillan

Anderson، B. (1991). Imagined Communities. London: Verso.

Appadurai، A. (2006). Fear of Small Numbers. An Essay on the Geography of Anger. London: Duke University Press.

Arakon، M. (2014). Kurds at the transition from the Ottoman Empire to the Turkish Republic. Turkish Policy Quarterly، 13(1): 139-148.

Bengio، O. (2012). The Kurds of Iraq: Building a

Burma's Rohingya minority. The International Journal of Human Rights، 19(8): 1163-1175.
Kymlicka، W. (2004). Justice and security in the accommodation of minority nationalism. In Stephen، M. Tariq، M. & Judith، S. (eds.)، Ethnicity، Nationalism، and Minority Rights (pp. 144-175). Cambride: Cambridge University Press.
Kymlicka، W. & Pföstl، E. (2014). Introduction. In Will. K. & Eva. P. (eds.)، Multiculturalism and Minority Rights in the Arab World (pp. 1-24). Oxford: Oxford University Press.
Nimni، E. (2015). Minorities and the Limits of Liberal Democracy: Demoicracy and Non-Territorial Autonomy. In Tove، H. M. & Francesco، P. (eds.)، Minority Accommodation through Territorial and Non-Territorial Autonomy(pp.57-82). Oxford: Oxford University Press.
Pandey، G. (2006). Routine Violence. Nations، Fragments، Histories. Stanford، CA: Standford University Press.
Shachar، A. (2009). The Birthright lottery: Citizenship and Global Inequality. London: Harvard University Press.
Tas، L. (2014). The Myth of the Ottoman Millet System: Its Treatment of Kurds and a Discussion of Territorial and Non-Territorial Autonomy. International Journal of Minority and Group Rights، 21(4): 497-526.
White، B. T. (2007). The Nation-State Form and the Emergence of 'Minorities' in Syria. Studies in Ethnicity and Nationalism، 7(1): 64-85.
White، B. T. (2012). The Emergence of Minorities in the Middle East. The Politics of Community in French Mandate Syria. Edinburgh: Edinburgh University Press.
Yeğen، M. (2009). "Prospective-Turks" or "Pseudo-citizens": Kurds in Turkey. Middle East Journal، 63(4): 597-615.
Zabad، I. (2017). Middle Eastern Minorities: The Impact of the Arab Spring. London: Routledge.
State within a State. Boulder: Lynne Rienner.
Billig، M. (1995). Banal Nationalism. London: Sage.
Bosniak، L. (2006). The Citizen and the Other: Dilemmas of Contemporary Membership. Princeton، NJ: Princeton University Press.
Castellino، J. & Cavanaugh، K. A. (2013). Minority Rights in the Middle East. Oxford: Oxford University Press.
Castles، S. (2005). Nation and Empire: Hierarchies of Citizenship in the New Global Order. International Politics، 42: 203-224.
Chakrabarty، D. (2000). Provincializing Europe: Postcolonial Thought and Historical Difference. Princeton: Princeton University Press.
Croft، S. (2012). Constructing ontological insecurity: The insecuritization of Britain's Muslims. Contemporary Security Policy، 33(2): 219-235.
Dajani، O. M. (2015). The Middle East's majority problems: minoritarian regimes and the threat of democracy. Ethnic and Racial Studies، 38(14): 2516-2533.
Eliassi، B. (2013). Contesting Kurdish Identities in Sweden: Quest for Belonging among Middle Eastern Youth. New York، NY: Palgrave Macmillan.
Gellner، E. (1983). Nations and Nationalism. New York: Cornell University Press.
Guibernau، M. (2004). Catalan Nationalism: Froncoism، transition and democracy. London: Routledge.
Hage، G. (2000). White nation: fantasies of white supremacy in multicultural society. New York، NY: Routledge.
Hobsbawm، E. J. (1990). Nations and Nationalism since 1780: program، myth، reality. Cambridge: Cambridge University Press.
Hochschild، A. R. (2016). Strangers in their own land: Anger and Mourning on the American Right. New York، NY: The New Press.
Kingston، L. N. (2015). Protecting the world's most persecuted: the responsibility to protect and